زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# پەروەردەی میدیایی

**قۆناغی ١**

**پ.ی. د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین**

**بەشی راگەیاندن**

**کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین**

**٢٠٢٥**

# پەروەردەی میدیایی

لەڕووی زانستیی و تەکنەلۆژییەوە؛ کەرت و کایەی میدیا پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوەبینیوە. بەجۆرێك لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە سات بە سات پەیامی جۆراوجۆری میدیایی ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت؛ هەندێك لەو پەیامانە لەگەڵ بەهاو رەوشتو کولتووردا یەکدەگرنەوەو بەشێکیشیان بەمەبەست شێوێنراون و بۆ ئاڕاستەکردنی مندڵانو گەنجان بەکاردەبرێن. ئەوەش وایکردووە ئەو ئامرازانە لەساختەکردنی راستییەکاندا مەترسییداربن. بۆیە پەروەردەی میدیایی؛ بۆتە پێویستییەکی گرنگ بۆ ئاشناکردنی منداڵانو هەرزەکاران بەئامانجو رەهەندە جۆراوجۆرەکانی میدیاو پاراستنیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو پەیامانەی لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە دەگوازرێنەوە. گرنگیی پەروەردەی میدیایی لەوەدایە کە جەخت لەپەروەردەکردنی تاك لەسەر تێڕامان و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە دەکاتەوە، چونکە ئەگەر هاووڵاتی هۆشیاربێت، دەتوانێت لەڕێگەی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەوە لە کەرەستەو بەرهەمەکانی میدیاو چۆنیەتی بەکارهێنانیان تێبگات. سەرباری ئەوەش پەروەردەی میدیایی؛ بەشێکە لەدرووستکردنی تاکێکی رۆشنبیرو جەخت لەسەر وەرگرێکی پێگەیشتوو دەکاتەوە، بەوپێیەی کە ئەگەر تاك لەڕێگەی

**ئامرازەکانی میدیاوە ئاگاداری ژینگەی دەوروبەری بێت، توانای ئەوەیشی دەبێت لەڕێگەی ئەو ئامرازانەوە گوزارشت لەخۆی بکات؛ تەنانەت ئەگەر ئاستی خوێندەواریشی وەك پێویست نەبێت. هەربۆیە پەروەردەی میدیایی، وەرگر یان تاك دەکات بە کەسێکی بەرهەمهێنی کاراو کاریگەر کە توانای دەربڕینی بیروبۆچوونی هەبێت.**

# پەیوەندیی میدیا و پەروەردە

پەیوەندیی نێوان میدیا و پەروەردە پەیوەندییەکی هاوبەشەو هیچ لایەکیان ناتوانێت دەستبەرداری ئەویدیکەیان ببێت. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەم پەیوەندیی‌و پەیوەستبوونە لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە هاوبەشەوە درووستدەبێت کە ئەم دووانە پێکەوە کۆدەکاتەوە؛ هەریەك لەپەروەردە و میدیا گرنگیی بەڕەفتارو ئاڕاستەکردنی تاك دەدەن، هەردووکیشیان ئامانجیان یارمەتییدانی تاکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیاندا، سەرباری ئەوەی کە هەردووکیان گوزارشت لەکردەی تێگەیشتن‌و پێگەیاندن دەکەنەوە. لەوبارەوە مەحمود بەدر؛ ئامانجە هاوبەشەکانی میدیاو پەروەردە لەچەند خاڵێکدا :

١. هەردووکیان ئامانجیان ئەوەیە کە بەباشترین شێوە خزمەتی کۆمەڵگە بکەن.
٢. هەردووکیان دەکرێت بەباشی بەکاربهێنرێن؛ بەئامانجی پاراستن‌و پتەوکردنی ئەو بەهاو بنەمایانەی کە باوەڕیان پێیەتی، هەروەها کارکردن لەسەر جێگیرکردن‌و پارێزگارییکردن لەکولتووری کۆمەڵگە.
٣. هەردووکیان ئامانجیان بەردەوامیی پەروەردەیە؛ لەپێناوی ڕەخساندنی زەمینەی بەرهەمهێناندا.

# ئامانجەکانی پەروەردەی میدیایی

میدیا؛ یەکێکە لەهۆیەکانی پەروەردەو رۆشنبیری، بەڵام لەوەش زیاتر میدیای پەروەردەیی (Educational Media) بۆئەوەی هەموو ئەرکە پەروەردەییەکانی میدیا بگرێتەوە فراواندەبێت. پسپۆڕانی میدیا؛ پێناسەی جۆرجۆراویان بۆ میدیای پەروەردەیی کردەوە تائەوەی کە هەندێکجار تێکەڵاویی لەنێوان میدیای پەروەردەیی و میدیای فێرکارییدا هەیە، بەڵام دەکرێت "میدیایی پەروەردەیی وەك جۆرێك لەمیدیای تایبەتمەند بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای جەماوەریی بۆ خزمەتکردنی هەموو شتێکی پەیوەست بەکردەی پەروەردەییو پرۆگرامەکانی خوێندن پێناسە بکرێت."

واتە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا لەناو خوێندنگەو دەرەوەی خوێندنگەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەچوارچێوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، میدیای پەروەردەیی کار لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان دەکات کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا پوختە بکرێن:

١. بەشداریی لەچاندنی بەها باڵاکان و بڵاوکردنەوەیاندا دەکات، بەتایبەت دەستبەرکردنی بەهاکانی فێرکردن، گەشەپێدانی ئاڕاستەی رەفتاری بنیاتنەر، بوژاندنەوەی ئاستی پەروەردەو هزرو شارستانییو ویژدانی لای وەرگران.

٢. لێکدانەوەو روونکردنەوەی سیاسەتی پەروەردەیی بۆ بەشدارییکردن لەسەرکەوتنو کارلێکردن لەگەڵ یەکتردا.

٣. پاراستنو بڵاوکردنەوەی میراتی پەروەردەیی، هەروەها ناساندنی کەسێتییە دیارەکانو هەوڵە پەروەردەییو زانستییەکانیان.

٤. پشتگیریی پەیوەندییکردنی تەواوکاریی نێوان خێزانو خوێندنگە دەکات.

٥. راهێنانی خوێندکاران لەسەر نووسین، خوێندنەوە، دەوڵەمەندکردنی مەعریفە کە یارمەتییان دەدات بۆ پێشخستنی ژیانیانو بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنگەکانیان.

٦. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە نەوەی نوێ سامانی راستەقینەی کۆمەڵگەن، چاودێرییکردنو گرنگیپێدانو پەروەردەکردنیان بەرپرسیارێتییەکە پێویستە هەمووان تێیدا بەشداربن.

٧. لەئەستۆگرتنو چارەسەکردنی دۆزو کێشە پەروەردەییو فێرکارییەکانی خوێندکاران لەمیدیاکانەوە.

٨. ناساندنی پێشکەوتنەکانی ئەمدواییە لەبواری هزری پەروەردەیی‌و تەکنەلۆژیای فێرکاری، هەروەها هاندانی خوێندکار لەسەر توێژینەوەی زانستیی‌و رۆشنبیریی‌و میدیایی.

٩. دەرخستنی رۆڵی خوێندنگە وەك ئامرازێکی سەرەکیی بۆ پەروەردەو فێرکردن.

١٠. پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان لێپرسراوان‌و کارمەندان‌و خەمخۆرانی پەروەردە لەوڵاتدا، هەروا پەرەپێدانی هۆشیاری بەرامبەر پەیامی مامۆستاو پێگەکەی لەکۆمەڵگەدا.

# بنەماكانی پەروەردەی میدیایی

هەموو میدیایەك لەسەر چەند بنەمایەك دادەڕێژرێت كە گوزارشت لەدیدگای ئەو میدیایە دەكات بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ڕووداوەكاندا. هەندێكجار كارنامەی تایبەتی لەپشتەوەیە، بەڵام میدیای پەروەردەیی لەسەر چەند پرەنسیپێك دادەڕێژرێت كە پەیوەندییدارن بەژێرخانی پەروەردەیی تاكەكانی كۆمەڵگەوەو دوورە لەبەرژەوەندی تایبەتی كە بەگشتیی ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:

١. قووڵكردنەوەی هەستی نیشتمانی، لەڕێگەی هۆشیاركردنەوەی هاووڵاتیان بەوەی كە ڕۆڵی خۆیان لەبوژاندنەوەو پارێزگارییكردن لەسامانو دەستكەوتەكانی وڵاتەكەیاندا بگێڕن.

٢. جەختكردنەوە لەسەر زمانی دایك كە ئامرازی سەرەكییە بۆ گوتاری میدیای پەروەردەیی‌و گەنجینە كولتوورییەكەی.

٣. ڕۆشنایی خستنەسەر كۆڵەكە زانستییە پەروەردەییەكان لەپەیامی میدیای پەروەردەیی وەك: مامۆستا، خوێندكار، خوێندنگە، پڕۆگرامو خێزانو بەشدارییكردن لەناساندنی ڕۆڵو ئەركو مافەكانیاندا.

٤. پابەندبوون بەبابەتیبوون لەخستنەڕووی راستییەکاندا و دوورکەوتنەوە لەزیادەڕۆیی قسەکردنو رێزگرتن لە وشە.
٥. کارلێکردنی هۆشیارانە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی شارستانێتی جیهانیی لەسەرجەم بوارەکاندا، هەروا هەماهەنگیی نێوان میدیای پەروەردەییو دامەزراوە پەروەردەییو کۆمەڵایەتییەکان.
٦. پابەندبوون بەبنەما ئاینییەکانو چەمکە گەردوونی، مرۆڤایەتییو ژیانییەکان.

# تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی میدیایی

پەروەردەی میدیایی (Media Education)؛ چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ کارامەیی دەستگەیشتن‌و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی پەیامی میدیایی بەهەموو شێوەکانی بیستراو، بینراو، خوێندراو؛ "زاراوەیەکە بەمانای چۆنیەتی پەروەردەکردنی تاك دێت، بەجۆرێك بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا (خوێندراو، بیستراو و بینراو)و ئینتەرنێت‌و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات، ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی پەروەردەی خێزانیی یان لەڕێگەی خوێندن لەقۆناغە جیاوازەکاندا وەك هەندێك وڵات پەیڕەوی دەکات، بەرجەستە بکرێت." بەواتایەکی دیکە بریتییە لەگرتنەبەری کۆمەڵێك رێکار بەمەبەستی ئامادەکردنی منداڵ یان خوێندکار بۆ تێگەیشتن‌و مامەڵەکردن لەو ژینگە میدیاییەی تێیدا دەژی. بەگشتی؛ تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی میدیایی خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە ئەمانەن:

١. پاڵنەری فێربوون: پەروەردەی میدیایی بەدوای شتێکی هەستپێکراودا دەگەڕێت کە راستەوخۆ پەیوەندیی بەژیانی رۆژانەی فێرخوازەوە هەیە، بۆیە زیاتر

**سەرنجەکانی رادەکێشێت‌و هانی دەدات ئەو بوارە بدۆزێتەوەو نهێنییەکانی بزانێت.**

2. **دۆخی بوارەکە و پێویستبوونی: مامەڵە لەگەڵ بەشێکی زۆر لەژیانی رۆژانەی مرۆڤ لەجیهانی هاوچەرخدا دەکات، ئەمەش وا لەفێرخواز دەکات هەست بەگرنگیی کارامەیی مامەڵە کردن لەگەڵ ئامرازەکانی میدیادا بکات.**
3. **بیرکردنەوەی باڵا: پەروەردەی میدیایی یارمەتیی فێرخواز دەدات بۆئەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی باڵا بەدەستبهێنێت، یان لانیکەم هەست بەگرنگییەکەی بکات، چونکە میدیا پانتاییەکی گرنگە بۆ کاراکردنی کارامەیی بیرکردنەوە کە ئەویش کارامەییەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، توانای بڕیاردان، چارەسەرکردنی کێشەکان لەخۆدەگرێت.**
4. **ئەنجامەکانی فێربوون: ئەنجامەکانی پەروەردەی میدیایی لەسەر کەسێتی تاك لەژیانی رۆژانەیدا بەئاسانیی دەبینرێن، بۆنموونە توانای کەسەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان.**
5. **متمانەبەخۆبوون‌و گیانی ئەرێنی: پەروەردەی میدیایی وێنایەکی گشتگیری ژینگەی میدیاو زۆرێك لەنهێنییەکان بۆ فێرخواز ئاشکرا و دابین دەکات، ئەمەش**

**متمانەبەخۆبوونی فێرخواز پتەودەکاتو زەمینەیەکی ئەرێنیی بۆ دەرەخسێنێت کە ڕەفتاری ئەرێنیی بکات.**

٦. **فێربوونی خودیی و هەتاهەیی: پەروەردەی میدیایی هەنگاوی یەکەمە کە ڕێگە بەفێرخواز دەدات بۆ درێژەدان بەفێربوون لەبوارەکەی خۆیدا.**

# گرنگییەکانی پەروەردەیی میدیای

میدیا بە رەهەندێکی سەرەکی و جیاوازی سەدەی بیست و یەکەمین دادەنرێت. یەکێکە لە کۆڵەکە ستراتیژییەکان لە بنیادنانی پرۆژەکانی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارستانی هەموو کۆمەڵگەکان.

میدیا لە زاراوەدا:"بریتییە لە گەیاندنی زانیاری بە کەسانی تر بە هۆی..." هەندێ لە توێژێنەرەکان میدیا بە "زانیاری پەیوەندی بە جەماوەرەوە" ناودەبەن.

میدیا زانیاری و هونەرە، شارەزایان و دەزگاکانی تایبەت بە خۆی هەیە.. لەم سەرەمەدا میدیا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، دەچێتە چوارچێوەی هۆیەکانی پەروەردە و روشنبیری و خۆشیەوە.

میدیا بۆتە بەرزترین هۆی رووبەڕووبوونەوە و بەهێزترین چەک لە جیهاندا، توانای بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاوەدانی هەیە و توانای هەڵگیرساندنی شەڕ و وێرانکردنیشی هەیە.. میدیا لە دوای دەسەڵاتی راپەڕاندن و یاسایی و دادگایی بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناوی دەبەن.

لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی خێرا و داهێنانی نوێی دەزگا و هۆیەکانی میدیا و، گولۆبالیزمەوە، بە هۆی گۆڕانکاری و تازەگەری لە هەموو

بوارەکـاندا، میدیاش گۆڕانکاری بەسەرهات، سنوورەکانی کـات و شـوێن و دووری هەڵتەکانـد، لە میـانەی میـدیـا و راگـەیانـدن و دەزگـاکـانی گەیانـدن و خـێرا بڵاوکـردنـەوەدا، لە ریـێی سەتەلایت و ئینتەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی، چـەمکی میدیـاش پێشکەوت و گەیشـتە ئـەوەی کە ئەرکـە پەروەردەییەکـانی هـۆیـەکـانی میـدیـاش بگـرێتـەوە، کـە بـریتـین لە کۆششکـردن بۆ هـێنانەدی ئامـانجە گـشتییەکـانی پـەروەردە و پێـبەنـدبـوون بە بەهــا رەوشتییەکـانەوە، ئەم هۆیـانەش زیـاتر پێشکەوتنەکـانی میـدیـایان شـیرین کـردوون:

١ـ پێشکـەوتنی چـەمکی پـەروەردە، کە پانـتاییەکی زیـاتـری گـرتـۆتـەوە و زیاتـریش پەیـوەنـدی بە رەوشت و هەڵسەنگانـدنەوە هـەیە. واش لە پـەروەردە دەڕوانـرێت کە کـردارێکی گـشتـییە و بەردەوامـە.. لە پێـوەنـدەکـانی شـێوازی دامـەزراوەیی فـەرمی رزگـاری دەکات.

٢ـ پێشکەوتـن و بڵاوبـوونـەوەی دەزگـا و هـۆیەکـانی میـدیـا بە شـێوەیـەکی فـراوان، وەکوو میـدیای: تەلەفـزیـۆنی رەنگـاوڕەنگ و ڤـیدیـۆ و داتـە و ئینتەرنێت و ئایاپاد و میدیای ئەلیکترۆنی (دیجیتاڵ) و گۆڤاری رەنگاوڕەنگی منداڵان و پەرتووکی وێنەداری رەنگـاوڕەنگ و...هـتد، بـوونـەتـە پێـویستی و لە زۆربـەی ماڵانـدا هـەن.. کە توانـای راکێشانی ئاینـدەی پەیـامی میـدیـا و گەشـەکـردنی هـەیە، توانـای ئەوەیـان

**هـەیـە کـە رۆڵـێکی گرنگی پـەروەردەیی بگێڕن. کە هـاوسەنگ بێت لەگەڵ کارەکانی دامـەزراوە فـەرمییە پەروەردەییەکـان.**

**تێبینی:**

**ناوەرۆکی ئەو مەلزەمەیە تەنها بابەتە سەرەکییەکانن و روونکردنەوەی زیاتر لەناو هۆڵ و لەکاتی وانە وتنەوەدا باس دەکرێت.**

**سەرچاوەکان:**


- بصفر، حسان بن عمر وعامر، طارق عبدالرؤوف ومحمد، ربيع عبدالرؤوف. (٢٠١١). الإعلام التربوي مفهومه فلسفته أهدافه. مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع. ط.١. القاهرة.
- الزهراء، فرج فاطمة ويوسف، مطروح. (٢٠٢٠). دور القنوات المتخصصة في التربية الإعلامية للطفل. مذكرة معدة استكمالا لمتطلبات نيل شهادة الماجستير. جامعة الوادي. الجزائر.
- أسماعيل، د.رابحي وبدوي، أم الخير ونجن، سميرة وزهاني، رجاء. (٢٠١٣). الإعلام التربوي (مدخل نظري). مجلة دفاتر المخبر. المجلد٨، العدد٢. (ص١٢٤-١٤٠). الجزائر.
- النذير، د.محمد. (٢٠١٩). الإعلام التربوي والتربية الإعلامية. مجلة الدراسات الإعلامية. العدد٧. برلين.
- الديهي، د.محمد الدين إسماعيل الديهي. (٢٠١٥). الإعلام التربوي الحديث. مكتبة الوفاء القانونية. ط.١. الإسكندرية. القاهرة.

- **أبوالحسن، عبير حسين. (٢٠١٩). التربية الإعلامية بالمدارس الحكومية والخاصة بمراحل التعليم الثانوي وانعكاستها على السلوك الاجتماعي. المجلة العلمية لبحوث الإعلام وتكنولوجيا الإتصال. العدد٥. (ص١٠٧-١٢٦)**
- **رمضان، د.علياء عبدالفتاح. (٢٠١٩). التربية الإعلامية في بيئة الإعلام الجديد. عالم الكتب. ط.١. القاهرة.**
- **الشميمري، فهد عبدالرحمن. (٢٠١٠). التربية الإعلامية – كيف نتعامل مع الإعلام؟. مكتبة الملك فهد الوطنية للنشر والتوزيع. ط.١. الرياض.**
- **حسن، أحمد جمال. (٢٠١٥). التربية الإعلامية. مكتبة دار المعرفة. ط.١. المنيا. المصر.**